**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ١٠٣٣٤ لە ٢٠١٩/٦/١٢**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە مادده (٣) برگە (١) لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و یاسای هاتووچۆی فیدراڵ ژمارە(٨٦) ساڵی ٢٠٠٤ هەموارکراو ، و بەمەبەستی جێبەجێکردنی بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران ژمارە(١٥٠٢) لە ٢٠١٩/٣/١٣ و ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بە نووسراویان ژمارە (٢٨٩٨) لە ٢٠١٩/٥/٢٠ تایبەت بە فرۆشتنی ژمارە نایابەکان و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانەی خوارەوە:-

**بەیانی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٩**
**بەیانی تۆمارکردن و پێدانی تابلۆی شارستانی (العراق_حلبجة ) بە گشت جۆرەکانی ئۆتۆمبێلەکانی سنووری پارێزگای هەڵەبجە و فرۆشتنی ژمارە نایابەکان لە رێگەی زیاد کردنی ئاشکرا**

**ماددەی (١):**
تەرخان کردنی تابلۆی (العراق _ حلبجة) و تۆمارکردن و مۆڵەتی شوفێری بەپێی یاسای هاتووچۆی فیدڕال ژمارە (٨٦) ساڵی ٢٠٠٤ هەموار کراو.
١- تۆمارکردنی ئۆتۆمبێل و ئامێر و دەرکردنی مۆڵەتی شوفێری لە بەرێوەبەرایەتی هاتووچۆی پارێزگای هەڵەبجە بە پێی یاسا و رێنماییەکان.
٢- تۆمارکردنی ئۆتۆمبێل وئامێر بە ناوی هاوولاتی عێراق بەپێی یاسای هاتووچۆی ژمارە(٨٦) ساڵی ٢٠٠٤ .
٣- گواستنەوەی ئۆتۆمبێل و ئامێری تۆمارکراو لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ پارێزگای هەڵەبجە لەسەر داوای خاوەنەکەی بەپێی رێنماییەکان.
٤- تۆمارکردنی ئۆتۆمبێلی ژمارە کاتی هەرێم بەپێی مەنەفست و سەرەتاکان .
٥- گواستنەوی ئۆتۆمبێلی کرێ (تەکسی ٥ نەفەری ، ٧کەسی و ٨ تا ٤٥ نەفەری ) پێویستی بەڕەزامەندی بەرێوەبەرایەتی گواستنەوەی پارێزگای هەڵەبجە دەبێت بەپێی ئەو پلانەی دانراوە بۆ پێداویستی پارێزگاکە.
٦- ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە بەپێی بلاونامەی ژمارە(٦) ساڵی ٢٠٠٣ تۆمارکراون خاڵی (٣)ی سەرەوە نایگرێتەوە .
٧- ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە بەپێی رێنمایی ژمارە(١)ی ساڵی ٢٠١٧ تۆمارکراون رێنمایی خاڵی(٢)ی سەرەوە ناگرێتەوە و گواستنەوەیان بۆ ناکرێت تەنیا بۆ ئەوانەی نیشتەجێی سنووری پارێزگای هەڵەبجەن بەپێی پشتگیری نیشتەجێ بوون .
٨- بەرێوەبەری گشتی هاتووچۆی هەرێم بە فەرمان دەسەڵات دەدات بە ئەفسەری تۆمارکردنی ئۆتۆمبێل و ئامێر وە هەروەها پێدانی مۆڵەتی شوفێری بەپێی بەشی یەکەم بڕگەی (١١) لە یاسای هاتووچۆی ژمارە (٨٦) ساڵی ٢٠٠٤.

٩- دابین کردنی گشت پێداویستی تۆمارکردن و تابلۆی ئۆتۆمبێل بەگشت جۆرەکانیەوە و پێداویستی دەرچواندنی مۆڵەتی شوفێری لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی.

١٠- کاراکردنی بەشی هونەری لە بەرێوەبەرایەتی هاتووچۆی پارێزگای هەڵەبجە وەکو ئەوەی لە پەیکەری رێکخستنی بەرێوەبەرایەتییەکە هاتووە.

**ماددەی (٢):**

فرۆشتنی ژمارە نایابەکان بە رێگای زیادکردنی ئاشکرا بەپێی رەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بە نووسراویان ژمارە (٢٨٩٨) لە ٢٠١٩/٥/٢٠

١- تەرخان کردنی ژمارە نایابەکان لە ژمارە(١ تاکو ١٠٠١) لە رێگای زیادکردنی ئاشکرا بە پێی خشتەی هاوپێچی تایبەت بە دیاری کردنی نرخی تابلۆکان وەکو دەستپێکی دەست پێکردنی زیادکردنی ئاشکرا.

٢- لیژنەی فرۆشتن بە زیادکردنی ئاشکرا ( بەسەرۆکایەتی پارێزگاری هەڵەبجە ، بەڕێوەبەری هاتووچۆی هەڵەبجە ، هاتووچۆی گشتی ، بەڕێوەبەری گەنجینەی هەڵەبجە و وەزارەتی ناوخۆ و نوێنەری داواکاری گشتی وەکو چاودێر ).

٣- ژمارە نایابەکانی کە لە (١٠٠٠٢)ەوە بەرەوە سەرەوە دەست پێ دەکات لیژنەیەکی خەمڵاندن پێکدەهێندرێت (بەسەرۆکایەتی قائمقامی ناوەندی هەڵەبجە و ئەندامیەتی نوێنەرانی ب.گەنجینەی هەڵەبجە و بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەڵەبجە و داواکاری گشتی وەکو چاودێر) لە رێگای ئەم لیژنەوە ئەو ژمارانەی کە بە نایاب ئەژمار دەکرێن دەست نیشان دەکرێن بەنرخەکانیانەوە وەکو دەستپێکی دەست پێکردنی زیادکردنی ئاشکرا و فرۆشتنی لەلایەن لیژنەی بڕگە/٢ی سەرەوە.

٤- دەبێت بڕیاری خەمڵاندن و فرۆشتنی تابلۆ نایابەکان لەلایەن وەزیری ناوخۆ پەسەند بکرێت.

**ماددەی (٣):**

داهاتی تەرخان کردنی ئەو ژمارە نایابانەی کە لە ماددەی دووەمی ئەم بەیانە هاتووە دەخرێتە سەر دوو حسابی بانکی یەکێکیان تایبەت بە پارێزگای هەڵەبجە بە مەبەستی خەرجکردنی بە رێژەی(٨٠%) بۆپرۆژەکان و ئاوەدان کردنەوەی پارێزگای هەڵەبجە و ژمارە حسابیەکە تر تایبەت بەبەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەڵەبجە بە رێژەی (٢٠%) بۆ پەرەپێدانی بەرێوەبەرایەتی هاتووچۆی پارێزگای هەڵەبجە و هەردوو حسابەکە بە فەرمانی وەزیری ناوخۆ خەرج دەکرێت.

**ماددەی (٤):**

ئەم بەیانە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری پێدەکرێت.

**کریم سنجاری**

**وەزیری ناوخۆ**